# پایز



لە ساڵێکدا چوار وەرز هەن، کە بریتین لە بەهار، هاوین، پایز و زستان. هەر وەرزێک لە سێ مانگ پێکدێت و لە ئەنجامی سووڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا دروست دەبن. وەرزی پایز دەکەوێتە پاش وەرزی هاوین. لە پایزدا هەوا بەرەو ساردبوون دەچێت. باران دەبارێت و ئاو زۆر دەبێت. ڕۆژ بەرەو کورتبوون دەچێت و شەو درێژ دەبێت.

لە وەرزی پایزدا ڕەنگی گەڵای دارەکان پێش هەڵوەرین و دوای هەڵوەرین لە سەوزەوە بۆ زەرد، سوور، مۆر و قاوەیی دەگۆڕێن. هەڵوەرینی گەڵاکان بۆ سەر زەوی، جوانییەک بە سروشت دەبەخشن.

لە پایزدا، ئاژەڵەکان خواردنی زیاتر دەخۆن و بەشێکیش لەو خواردنە کۆدەکەنەوە و هەڵیان دەگرن، بۆ نموونە سمۆرە ئاژەڵێکە کە بێچووەکانیشی فێر دەکات خواردن کۆبکەنەوە و بۆ ڕۆژانی ساردی زستان هەڵیانگرن.

لە پایزدا باڵندە کۆچەرییەکانیش بەرەو باشوور دەفرن.

لەو شتانەی سروشت، کە لە پایزدا زۆر دەبن ڕووەکی "قارچک"ە بە گشت جۆرەکانیەوە. لەم وەرزەدا قوتابیان ڕوو دەکەنەوە قوتابخانە. خەڵکی جلوبەرگی تایبەت بەم وەرزە لەبەردەکەن.